**کوا ئەو گیان لەسەردەستانەی کە (پارەی) پاراستنی سنووری هەرێم وەردەگرن؟ ... هیوا موحەمەد**

لە سەردەمی گۆڕبەگۆڕی سەدامدا جگە لە سوپا و جاش (کە دوو ناوی باوی کۆن) بوون، دەیان ناوی دیکەی لەشکری هەبوو هەر بۆ تۆقاندنی خەڵک، ئەوڕۆش لە کوردستان بە هەمان شێوە دەیان جۆر ناو بۆ هێزی چەکدار هەیە وەکو (هێزی تایبەت، پاسەوانانی سنوور، لیوای تایبەت، مغاویر، 3 پیتە ئینگلیزیەکەش. ل ف کوردستان، ئاسایش، پاراستن، زانیاری، پۆلیس، گومرگ، پێشمەرگە هتد.... ) بەڵام نە بۆ خەڵک تۆقاندن و نە بۆ پاراستنی سنووریش، بەڵکو بۆ پارە وەرگرتن و بەهێز کردنی تیرە و تایەفە و مەسەلەی (عەشێرەت) . نەک بەهێز کردنی هەستی نەتەوەیی و پاراستن و داکۆکی لەو بەشە ئازادەی کە بەدەستمانەوەیە..

(چەکدارانی کوردی سەر بەتورکیا سنووری هەرێمی کوردستانیان بەزاند - پەیامنێر 30-05-06) پێش هەموو شت دەپرسم لە پەیامنێر: ئەرێ گیانە خۆ ئێوە کوردن پێش ئەوەی کاری ڕۆژنامەگەری بکەن، ئەی چۆن ناتوانن تۆزێکیش لە خزمەتی نەتەوەکەتاندا بەکاری بهێنن؟ ئەرێ نەتاندەتوانی دان بەوەدا نەنێن کە چەکدارەکان کوردی سەر بە حکومەت بوون و هەواڵەکە لە زمانی ئێوە وە بگاتە دوژمنان؟ نەتان دەزانی کە تورکیا بۆیە جاشە کوردەکانی ناردووە بۆ ئەوەی شەڕێکی دیکەی برا کوژی بنێتەوە (ئەم جارەیان لە نێوان دوو بەشی کوردستان) ؟ باشتر نەبوو بۆ ئەوەی مەرامەکەی دوژمن سەرنەگرێت بتان ووتایە سەدان میت و ژەندرمەی تورکی هاتوون؟ نەتان دەزانی ئەو جووتیارانەی کە زیان بە کشتوکاڵەکانیان گەیشتووە قین پەیدا دەکەن بەرامبەر برا کوردەکانیان لەو بەشە؟ دیارە ئەوەندە دیموکراسین ئابڕووی خۆشمان دەبەن بێ ئەوەی (پەنا بۆ تاکتیک بەرن و چاوەڕوانی بن) .. ئەو جار دەڵێم کوا هەموو ئەو هێزانەی ناوم بردن و لە کوردستاندا پارە وەردەگرن و زەوی تاپۆ دەکەن و (ئیمتیازاتیان) پێ دەدرێت... ؟ ئێوە کوێتان دەپاراست کە 300 چەکداری (جاش) وولاتێکی داگیرکەر بێتە ناو گوندەکانی ژێر دەستەڵاتی ئێوە و چەندین کاتژمێر بمێنێتەوە و ئازاری خەڵک بدات و بگەڕێتەوە؟ ئەی ئێوە سنوور لە کێ دەپارێزن؟ لە و پێشمەرگانەی کە تورکیا پێیان دەڵێ ترۆریست؟ لە لایەنی خودییەوە ئەمە شەرمە بۆ ئێمە کە نەتان توانیوە کارێک بکەن کە هیچ چەکدارێکی بێگانە نەتوانێ پێ بنێتە ناو سنوورەکەمانەوە (مەبەستم سنووری ژێر دەستەڵاتە) ... بۆ لایەنی دوژمنیش دەڵێم ئەوان بەو نیازە هاتوون کە بەزمێک لە نێوان کوردی باکوور و باشوور دروست بکەن و ئەمە سەرەتاکەیەتی، مەبەستێکی دیکەشیان ئەوەیە کە ڕێگاکە تاقی بکەنەوە و بزانن تا چ ڕادەیەک دەتوانن بجوڵێن و تا چەند حکومەتی هەرێم بێ دەنگ دەبێت واتا (ا ستطلاعیان کردوە بۆ نەخشەکانی داهاتوو... ) لە کاتێکدا ئەو هەواڵە ڕاست بێت ئەوە پێویستە حکومەتی هەرێم و سەۆکی هەرێمیش بەزووترین کات هەڵوێست وەرگرن و داوای لێکۆڵینەوە بکەن لەو کارە بەڕەسمی لە تورکیا و داوا لە ئەمریکا بکەن کە سەنگی خۆی بەکار بێنێ، چونکە لە یاسا دەوڵەتیەکاندا ئەمە دەچێتە ناو قاڵبی سنوور بەزاندن و سزاشی هەیە. بێدەنگیمان مەترسی لە دوایە!!!!